
# پییر پیکارد
# و
# رۆمانی کافر

***دیدار مەسیفی***
dmasifi289@yahoo.ca



جگە لە پەرەگرافێکی زۆر کورتی دەزگای چاپ نەبێت وا بزانم ئەم نوسینەی من تاکە بەدوا چوونە لەسەر رۆمانێک کە بەر لە دوو ساڵ بە چاپ گەیشتووە. لێرەدا ئەوەی ئەم رۆمانە دەکاتە جێگای بایەخ نە هێزی گێڕانەوە و ناوەرۆکیەتی، نە ناوداربوونی نوسەرەکەی، بەڵکو پەیوەست بوون و شوێن و کاتی کتێبەکەیە بە خاکی کوردانەوە.
پییر بیکارد بەرلەوەی خۆی وەک رۆمانوسێک تاقی بکاتەوە، کەسێکی مەسیحایی پارێزگارە و بەشی زۆری ژیانی خۆی لە رۆژهەڵاتی ناویین بەسەر بردووە بە مەبەستی زیاتر بڵاوکردنەوەی ئاینی مەسیح. هەر بۆ ئەوەش لە ماوەی مانەوەی لەوێدا، ئەو تەواو بەسەر هەردوو زمانی تورکی و عەرەبیدا زاڵ بووە و هەروەها کەمێکیش خۆی ماندووە کردووە تا کەمێک لە کوردی فێربێت.
ئەوەی لە یەکەمین بەرهەمی ئەدەبی پییر پیکارد دا هاوکێشەکە  نەگونجاو و ناتەبا دەکات هەڵبژارنی کوردستانی تورکیایە وەک شوێن بۆ گێڕانەوەی رۆمانی کافر و کوردبوونی زۆرینەی کارەکتەرەکانیشە. چونکە ئەگەر نوسەر بەر لە نوسینی ئەم رۆمانە ئەگەر یەک رستەی کوردی لە بەرژەوەندی کورداندا خوێندبێتەوە و تێیگەیشبتێ ئەوا سەدان کتێبی نوسراوی بە تورکی و عەرەبی دەست کەوتوە و بە چاکی هەرسی کردوون. بۆیە لە رۆمانی کافردا سادە و ئاسان قوربانییێکی دەستی مێژوو دەخاتە بەر شەقی قوربانییێکی تر، و نایەوێت نمەک حەرام بێت بەرامبەر ئەو ساڵە درێژانەی کە لە ئەستەمبۆل و عەمان بەسەری بردوون.
 رۆمانی کافر دەقێکی مێژووی نییە کە خوێنەری کورد هەراسان بکات تا بەدوای راستیەکاندا بگەڕێت و بپرسێت کەوا کێ بەر پرسیاری یەکەمە لە قەڵاچۆکردنی کلدانیەکانی کوردستانی تورکیا. بەڵام ئەدەب کە مێژوو دەنوسێتەوە لە مێژوو قوڵتر ئاسەواری خۆی لە ناخی خوێنەردا بەجێ دەهێڵێت، بۆیە میللەتان هەردەم ترس دایاندەگرێت کاتێک نوسەرێک بەشیک لە رابردوویان دەکاتە کەرەستەی رۆمانێکی.
شتێک کە لە رۆمانی کافردا کەس ناتوانێت خۆێ لێ بدزێتەوە هەڵوەستە نەکردن و ئەسەف نەگێڕانە بۆ عیسا، پاڵەوانی سەرەکی رۆمانەکە لەلایەک و لە لاییێکی دیکەش رق بوونەیە لەم ئاغا کوردە زاڵمە کە بنەماڵەکەی ئەوان هەتک و قات و قڕ دەکات. بەڵآم ئەوەش باوەڕهێنانێکی تەواو نادات بە رۆمانی کافر چونکە نوسەر لە دیدگاییێکی مەسیحایی ئەدەبەکەی  نوسیوە و پێناچێت کەسێکی ئازاد بێت.
ئامانجی سەرەکی رۆمانەکە داکۆکی کردنە لە مافی بە هەدەرچووی مەسیحیە کلدانیەکانە کە بەشی زۆریان لە کوردستانی عیراق و تورکیا دەژین. عیسا کە لەلایەن کوردەکانەوە بە کافر ناسراوە چیرۆکی خۆی بۆ رۆژنامەنوسێکی ئەستەمبۆلی بە رەچەلەک کورد دەگێڕێتەوە کە دواتر دەردەکەوێت کە هەم نەوەی خوشکە ڕفێندراوەکەی خۆیەتی و هەم هی ئاغا کوردە زاڵمەکە.

له چەند فەسلێکی ڕۆمانەکە پییر بیکارد ژمارە و ووشەی کوردی بەکاردەبات دەڵێت ئەو بەر لەوەی کوردی وەک زمانێکی سەربەخۆ و جیا لە تورکی و عەرەبی بناسێنێت، دەیەوێت توانای خۆشی نیشان بدات نەوەک لە کەنەدا رەخنەگران پێی بڵێت چۆن ڕۆمانت لەسەر شوێنێک نوسیوە کە زمانی میللەتەکەی نازانیت.
لە کاتێکدا کە رۆژئاوا بە چاوی قوربانی دەستی مێژوو سەیری کوردان دەکات، ڕۆمانی کافر بە چاوێکی مەسیحیانە کورد هەڵدەسەنگێنێت و وا لە خوێنەرانی رۆژئاوا دەکات کە دەست بۆ ئەوانیش درێژبکەن لە رەشکردنەوەی  ئاسەواری کلدانیەکان لە ناوچەکەدا.
بەڵام لە کۆ دا ڕۆمانی کافر چەندە بەئاشکرا دڵڕەقی و زوڵمی ئاغا کوردەکە ڕیسوا دەکات، دە ئەوندە کەسانی بەخشندە و دلسافی وەک عەبدولکەریم، ئایشە، مەمەد کورد، و هتد تێدایە. ئەوەش ئەگەر کەمێکیش خزمەتی بە کورد کردبێت، دەبێت لە دیوێکی تری دوور لە ناوەرۆکی ئەم ڕۆمانە کوردیش وەک هەر میللەتێکی زیندووی سەر ئەم زەمینە بە شێوەیەکی رەوانتر تر لە لە مێژووی خۆی بڕوانێت وە تا ئەو شوێنە شانازی بە مێژووی بکات کە بە هەڵە و خراپکارییەکانی خۆشی زانیبێت.